پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر

IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan- Hawler

No: ژمارە:
Date: بەروار: ٢٠١٤/٨/٢٨

٣ب

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسای (سەرۆکایەتی هەرێم)**

بەڕێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**سەرۆکایەتی هەرێم**) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

**هاوپێچ :-**

**لەگەل دەقی پرۆژە یاساکە**

| ناوی ئەندامانی پەرلەمان | واژۆ |
| --- | --- |
| ١- [illegible] | |
| ٢- سیویل عثمان احمد | |
| ٣- دانا سعید صوفی | |
| ٤- عەبدوڵڵا مەلا نوری | |
| ٥- گۆران ئازاد | |
| ٦- قادر احمد سماعیل | |
| ٧- ناسك توفيق عبدالكريم | |
| ٨- ارام قادر | |
| ٩- [illegible] محمد عبدالله | |
| ١٠- شیوا توفیق | |
| ١٢- عصمت [illegible] | |
| ١٣- پرشنگ فرج محمد | |
| ١٤- فاضل حسن اسماعیل | |

١٥- نەوبەهار عبداللە قادر
١٦- شیرزاد حافظ
١٧- دلشاد حسین
١٨- خلیل عثمان محمد امین
١٩- دلێر محمود فتاح
٢٠- محمد شارە زوری
٢١- عثمان عزالدین محمود
٢٢- نسرین جمال مصطفی
٢٣- لقمان سلیمان محمد
٢٤- حاجی میلان سلیمان
٢٥- محمد سعید محمد علی
٢٦- حمید سلیم الحسن
٢٧- عبداللە محمد امین خدر
٢٨- گەشە دارا مرضیە
٢٩- رازاو محمود شریف
٣٠- نشتمان مرشد
٣١- بیان الحسن
٣٢- هاوبان نستیو احمد
٣٣- عمر عبدالعزیز
٣٤- قاسشە عزیز صالح
٣٥- بەیان عبدالکریم عبدالقادر
٣٦- شاهین عارف رشید
٣٧- ریباز فتاح
٣٨- پەیمان عزالدین
٣٩- سەرکوت قەرەداغی
٤٠- شیلان عبدالرحیم
٤١- عدنان عثمان
٤٢- د. [illegible] محمد رشید

٤٣_ گلی نادر اسماعیل
٤٤_ گلاوێژ صالح داود
٤٥_ د. صباح محمد نجیب برزنجی
٤٦_ سارا عبدالرزاق
٤٧_ بیان احمد
٤٨_ سالار محمود
٤٩_ د. سەروەر عبد الرحمن عمر
٥٠_ بورهان رشید
٥١_ پاریز [illegible]
٥٢_ هاوژە سلیمان مصطفی
٥٣_
٥٤_
٥٥_
٥٦_
٥٧_
٥٨_
٥٩_
٦٠_

پەرلەمانی کوردستان - عیراق ✣ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان
ژمارە ٧٤١٨
بەروار ٢٠١٢/١٢/١٨

## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## بە ناوی گەلەوە

## پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق

پشت بەستن بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( )ی رۆژی / /٢٠١٢ بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

## (( پرۆژە یاسا ))

## یاسای ژمارە ( ) بۆ سالی ٢٠١٢

## یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

## بەشی یەکەم

### ماددەی یەکەم:

هەرێم، سەرۆکێکی دەبێت لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت و بە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق) ناو دەبرێ و نیشانەی یەکگرتویی گەلی کوردستان و یەکپارچەیی خاکی کوردستان-عێراقە و، نوێنەرایەتی هەرێم دەکات لە بۆنە فەرمی و گشتیە نیشتیمانیەکاندا.

### ماددەی دووەم:

مەرجی پاڵێوراو بۆ سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم):

١. هاووڵاتی و نیشتەجێیی کوردستان-عێراق بێت و، ئەگەر ڕەگەزنامەی وڵاتێکی دیکەی هەبوو دەبێت دەستبەرداری ببێت،

٢. تەمەنی لە کاتی خۆپاڵاوتندا لە (٤٠) چل ساڵ کەمتر نەبێ،

٣. لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسیەکان بەهرە مەندبێت،

٤. تاوانبار نەکرابێت بە تاوانی ئابڕووبەر،

٥. بەشدار و هاوکار نەبوبێت لە هیچ پرۆسەیەك کە لە لایەن ڕژێمی بەعس و هێزە داگیرەکارەکانی کوردستان و هێزە تیرۆریستیەکان، دژ بە خاك و خەڵکی کوردستان ئە نجامدرابێت،

٦. دەبێت پاڵێوراوی سەرۆکی هەرێم بتوانێت پشتگیریی (١٥) پازدە ئەندام پەرلەمانی کوردستان یان (٣/١) سێیەکی ئەندامانی ئە نجومەنی یەك پارێزگای هەرێم یان واژۆی (٥٠٠٠) پێنج هەزار هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بەدەست بێنێت بۆ خۆکاندید کردنەکەی.

## بەشی دووەم

## پاڵاوتن و هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرەکانی:

### ماددەی سێیەم:

١. داوای خۆ پاڵاوتن، لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا-لە ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت،

٢. دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای خۆ پاڵاوتنەکە، لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژدا-لە پێشەکەشکردنی داواکەوە، بڵاوی بکاتەوە،

٣. پاڵێوراو مافی خۆیەتی، لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا-لە ڕۆژی دەرچونی بڕیاری ڕەدکردنەوەی داواکەیەوە-لە بەردەمی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان ناڕەزایی خۆی پیشان بدات،

٤. دادگا لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ، لە پێشکەشکردنی ناڕەزاییەکەوە، بڕیارێکی بنبڕی لە سەر دەر دەکاو بڵاوی دەکاتەوە و، پاڵێوراوەکەش لە ڕۆژی دەرچونی بڕیارەکەوە بە پێڕاگەیاندراو دادەنرێ،

٥. سەرۆکایەتی پەرلەمان (١٥) پازدە ڕۆژ پێش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ناوی کاندیدەکان ڕادەگەیەنێ.

## ماددەی چوارەم:

١. پەرلەمانی کوردستان، لە نێوان پاڵێوراوەکاندا بە دەنگی (٣/٢) ی دووسێیەکی ژمارەی ئەندامەکانی، لە دەنگدانێکی نهێنیدا سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرێت،

٢. ئەگەر هیچکام لە پاڵێوراوەکان دەنگی پێویستیان نەهێنا بەو شێوەیەی کە لە خاڵی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتووە، ئەوا کێبەرکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا ئەنجام دەدرێت کە زۆرترین دەنگیان هێناوە، ئەو کەسەش لە دەنگدانی دووەمدا زۆرترین دەنگ دەهێنێت دەبێت بە سەرۆکی هەرێم.

## ماددەی پێنجەم:

١. سەرۆکی هەرێم لە ماوەی (٤٠) چل ڕۆژ-لە ڕۆژی دوای سوێند خواردنی، دوو جێگر بۆ خۆی دەپاڵێوێت و لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی سادە لەسەر دەدرێت و، بە جێگری یەکەم و دووەم ناو دەبرێن و هاوکاری دەکەن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیو، لە کاتی ئامادەنەبونیشیدا یەکێك لە جێگرەکانی بە پێی پلە بەندی جێگەی دەگرنەوە، بە هەموو دەسەلاتەکانیەوە.

٢. دەبێت لە نێو ئەندامانی سەرۆکایەتی هەرێمدا، ئەندامێکی ژن و ئەندامێکی ئەو پێکهاتانەی کە کورد نین، تێدا هەبێت.

## ماددەی شەشەم:

یەکەم:

١. ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ (٤) چوار ساڵە و، دەکرێ تەنها بۆ یەك خولی دیکە هەڵببژێردرێنەوە.

٢. سەرۆکایەتی هەرێم، بەردەوام دەبن لە کارەکانیان تا دوای هەڵبژاردن و یەکەم دانیشتنی خولی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی هەرێم.

دووەم: سەرۆکی نوێی هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا هەڵدەبژێردرێت، لە بەرواری ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانەوە.

# بەشی چوارەم

# سوێندی سەرۆکایەتی هەرێم

## ماددەی حەوتەم:

١. سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی، دوای هەڵبژاردنیان و، پێش دەستبەکاربونیان لە ئەرك و فرمانەکانیاندا، لە ماوەی (٧) حەوت رۆژدا- لە رۆژی هەڵبژاردنیانەوە-ئەم سوێندەی خوارەوە لە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق دەخۆن: (سوێند بێت بە خودای مەزن، پارێزگاری لە مافەکان و دەستکەوتەکان و یەکرێزی و بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان-عێراق بکەم و ئەرك و فرمانەکانم بە دروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم و، رۆڵی نێوەندکار لە نێوان دەسەڵاتە گشتیەکان بە بێ لایەنی بگێرم).

٢. سەرۆکایەتی هەرێم دوای سوێند خواردنیان، بە دەست لە کارکێشاوە لە هەر پلەو پایەو پۆستێکی حکومی و، دەستبەرداربوو لە ئەندامێتی حیزب، دادەنرێن.

## بەشی شەشەم

## سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرك و فرمان و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە :

### ماددەی هەشتەم :

یەکەم: لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا، لە رۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە، مەرسومی بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبونەوەی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی نوێ دەردەچوێنی و، ئەگەر بانگهێشتی بۆ دەرنەکرا، ئەوا پەرلەمان لە خۆیەوە، لە رۆژی دوای کۆتایی ماوەکە کۆ دەبێتەوە.

دووەم:

١. راسپاردنی پاڵێوراوی زۆرینەی پەرلەمانی، بۆ دروست کردنی حکومەت لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج رۆژ- لە رۆژی راسپاردنیەوە.
٢. ئەگەر پاڵێوراوی ڕاسپێردراو نەیتوانی لەو ماوەیەی کە لە خاڵی (١) یەکدا هاتووە حکومەت پێکبهێنێت، ئەوە سەرۆکی هەرێم کەسێکی دیکە ڕادەسپێرێت کە بتوانێت متمانەی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا.
٣. سەرۆکی هەرێم، لە حاڵەتی شکستی پاڵێوراوی راسپێردراوی دووهەمدا، کەسێکی تر رادەسپێرێت بۆ دروست کردنی حکومەت لە ماوەی (٢٠) بیست رۆژدا.

سێیەم: پێشنیاز کردنی پرۆژە یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**چوارەم:** واژۆکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایان دەنێت، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لە سەر هەموو یان هەندێك لەو یاسا و بڕیارانە دەر ببڕێت و بیانێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاوپێخشاندنەوەیان، تەنها بۆ جارێك، دواتر بڕیاری پەرلەمان لە سەریان بنبڕ دەبێت، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا واژۆی لە سەر یاسا و بڕیارەکان نەکرد و نارەزایشی لە سەریان نەبوو، ئەوە بە دەرچوو دادەنرێت و، لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێنەوە.

**پێنجەم:** لە کاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران دەکا بۆ کۆبونەوەیەکی ناچاری و گفتوگۆکردنی پرسێکی دیاری کراو کە کۆبونەوەکەی بۆ دەکریٚ و، سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەش دەکات.

**شەشەم:** لە کاتی پێویستدا بۆی هەیە لە سەر پرسێکی دیاری کراو، بۆ کۆبونەوەی نا ئاسایی بانگهێشتی پەرلەمان بکات.

**حەوتەم:** دەرکردنی لێبوردنی تایبەت لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران، بە مەرجێك تاوانبارانی مافی تایبەتی و تاوانەکانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی نەگرێتەوە.

**هەشتەم:** پەسەند کردنی حوکمی لە سێدارەدان، کە لە لایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە دەردەچێت.

**نۆیەم:** دەرکردنی مەرسومی دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتەکان لە سەر پێشنیازی وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەنی ئەنجومەنی وەزیران.

**دەیەم:** دەرکردنی مەرسوم بۆ پێدانی پلەی سەربازی بە ئەفسەرانی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و، دەرکردنیان و، خانەنشین کردنیان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

**یازدەیەم:** بەخشینی نیشانەو مەدالیا بە مەرسومێك لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و بە گوێرەی یاسا.

**دوازدەیەم:** جاڕدانی باری نا ئاسایی بە داوای سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و پاش ڕەزامەندیی (٣/٢) دوو سێیەكی ئەندامانی پەرلەمان و لە حاڵەتی شەڕ، داگیركاری، كارەساتی سروشتی یان بڵاوبونەوەی نەخۆشی گوازراوە بۆ ماوەی تەنها (٣٠) سی ڕۆژ كە دەتوانرێت بەهەمان ڕێوشوێن نوێ بكرێتەوە.

**سیازدەیەم:** كاتێ پەرلەمانی كوردستان، متمانە لە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر وەر دەگرێتەوە، سەرۆكی هەرێم مەرسومی قبوڵكردنی متمانە وەرگرتنەوەكەیان دەردەچوێنێ و، داواشیان لێ دەكا لە كارەكانیان بەردەوام بن بۆ بەڕێكردنی كاروباری ڕۆژانە، تا دەستبەكار بوونی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری نوێ.

**چواردەیەم:** مەرسومی قبوڵكردنی دەست لەكار كێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێ و داواشیان لێ دەكا لە كارەكانیان بەردەوام بن بۆ بەڕێكردنی كاروباری ڕۆژانە، تا دەستبەكار بوونی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری نوێ.

**پازدەیەم:**

**أ- لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بە مەرسومێك كە تێیدا هۆكارەكەی دیاری كردبێت پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە:**

**١. ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەكانی دەستیان لە كار كێشایەوە،**

**٢. ئەگەر لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژدا-لە ڕۆژی بانگهێشتكردنی پەرلەمان بۆ كۆبونەوەی یەكەمی خولی هەڵبژاردنی نوێ ، ژمارەی یاسایی ئەندامان بە دەست نەهات،**

**٣. ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران ،لە سێ پێكهاتەی وەزاری جیاوازی یەك لە دوای یەك دا نەدا،**

٤. ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان گۆڕا و، خولی هەڵبژاردنیش (٦) شەش مانگ یان کەمتری مابوو،

ب- لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی باری نا ئاسایدا ناتوانرێت پەرلەمان هەڵوەشێنرێتەوە.

**شازدەیەم:** دەرکردنی مەرسومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستانی عێراق و دیاری کردنی کاتەکەی لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا، لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی، یان بە لانی کەم لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە (٦٠) شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشاندنەوەی یان (٦٠) شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن ڕەت نەکات.

**حەڤدەیەم:** هەموو ئەو مەرسوم و فەرمانانەی بە پێی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی تر دەبێت لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەربکرێن، بە دەرچوو دادەنرێت ئەگەر لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا- لە گەیشتنیان بە سەرۆکایەتیی هەرێم دەرنەچوێنران.

## ماددەی نۆیەم:

**یەکەم:** ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم، لەم حاڵەتانەی خوارەوە بە بڕیارێك لە لایەن پەرلەمانەوە کۆتایی پێ دەهێنرێت:

١. ئەگەر سەرۆکی هەرێم داوای دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە نوسراو پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان بکات، دوای تێپەڕبونی (١٠) دە ڕۆژ لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکەیەوە بە دەستە لە کار کێشاوە دادەنرێت.

٢. ئەگەر سەرۆکی هەرێم لە بەر هەر هۆکارێك، نەیتوانی ئەرك و فرمانەکانی ئەنجام بدات.

٣. بە دەنگی (٣/٢) دووسێیەکی ئەندامانی پەرلەمان، لە دەنگدانێکی نهێنیدا لە ئەرك و فرمانەکانی دەبەخشرێت، لە سەر بنەمای لێپرسینەوە، بە داوای ٢٥

ئەندامی پەرلەمان، لە کاتی پێشێلکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: ئەگەر پلەو پایەی سەرۆک چۆڵ بوو، بە پێی پلە بەندی جێگرێکی جێگەی دەگرێتەوە، تا لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا -لە رۆژی چۆڵبونی پلەو پایەکەوە- پەرلەمان سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێرێ بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە ماوە بۆ سەرۆکی هەرێم. سەرۆکی نوێش لە ماوەی (٢٠) بیست رۆژدا-لە رۆژی دوای سوێند خواردنی جێگرەکانی خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا دەنگیان لە سەر بدرێت بەو شێوەیەی کە لە ماددەی (٥) پێنجی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی دەیەم:**

موچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی بە یاسا دیاری دەکرێت.

**ماددەی دوازدەیەم:**

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی دەبێ و، پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا دیاری دەکرێت.

**ماددەی سیازدەیەم:**

١. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی و، یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموار کراو و، یاسای ژمارە (١) یەکی ساڵی ٢٠٠٥ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و، یاسای ژماری (٢) دووی ساڵی ٢٠٠٦ ی یاسای هەمووارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و، یاسای ژمارە (١) یەکی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستا-عێراق، هەڵدەوەشێنەوە.
٢. کار بە هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی دەقەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی چواردەیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

## هۆی دانانی ئەم یاسایە

لە بەر ئەوەی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانیە و لەم جۆرە سیستمەشدا سەرۆکێك هەیە یەکێتی گەل و وڵات بەرجەستە دەکات و بە ناوی ئەوەوە لە سەر ئاستی سیاسی و نێودەوڵەتی دەدوێت و، وەك ناوبژیوانی نێوان دەسەڵاتەکان بێلایەنانە کار دەکات و چاودێری بەرژەوەندیەکانی هاولاتیانی دەکات و پاڵپشتێکی سەرەکی یە بۆ سەقامگیری باری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بۆ ئەو مەبەستە و، دیاری کردنی پێگەو دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم، ئەم یاسایە دانرا.